# نامەیەكی شاعیری جوانەمەرگ مارف ئاغایی

**بەرێز و خۆشەویست كاك حەمەسەعیدحەسەن**

**سلاَو و ڕێزم هەیە بۆ ئێوە و دێر بەدێری گۆڤاری( خەرمانە )ی خۆشەویست. لە یەكەم ژمارەوە خۆم بە خوێنەری خەرمانە زانیوە و ئەگەر ئیزنت لە سەر بێ لەم ژمارەیەشەوە هەوڵ دەدەم پێوەندییەكی گەرم و گوڕترم هەبێ. ئەم نامەیە دەكەم بە پردی ئاشنایی و هیوادارم لە داهاتوودا زۆر نامە و كتێب بەسەر ئەم پردەدا بپەڕنەوە. خەرمانە لە كوردستانی ئێرانیش دەنگی داوەتەوە و لە زۆر شاراندا دەستاو دەست دەگەڕێ، ئەوانەی لە ئێمەشیان ویستبێ، بێ دڵیمان نەكردوون.**

**( پە پوولە پاییزە )*م**

**لە سەرەتای پاییزی ئەمساڵدا بە دەست گەیشت. ئەمساڵ دوو پایزم بە چاوی خۆم دی، پاییزێك كە سەرچاوەكەی سروشت بوو، پاییزێكیش كە سەرچاوەكەی ئەدەب بوو. دەستتان خۆش بێ، بەردەوام لە نووسراوەكانی ئێوە لە گۆواری سروەدا كەڵك وەردەگرین و لە داهاتووشدا هیوادارین بێ نووسراوەمان نەكەیت. دەڵێن لە یەكەم ئاشناییدا زۆر گوتن، خۆش نییە، ئەگەر وایە كورتی دەبڕمەوە. لەگەڵ ئەم نامەیەدا چەند كورتە شعرێكتان بۆ دەنێرم، ئەگەر ڕووی مەجلیسیان هەبوو، با لە دیوەخانی خەرمانەدا خۆیان ببیننەوە، ئەگەرنا ماڵی قەڵب سەر وەساحێبییەتی.**

**چاوەڕێی ولاَم**

**برات مارف ئاغایی.**

**١٩٩٣/٧/١٨**

**٩ ی ئۆكتۆبەری ١٩٩٣**

***كۆمەڵە شیعرێكی حەمەسەعیدحەسەنە**